کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
14-4-2007 23:34بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## وێستگەی شۆڕش ... شوان بەرزنجی

ئەم نوسینە زۆر دەمێکە کاڵ بۆتەوە
بەڵام دڵنیام نوسراوە
لەم وێستگەیە
شەمەندەفەر
دەڕوات بەرەو دورگەی ژیان..
منیش وەك تۆ هەگبەیەکم لە کۆڵدایە
زمان، کەلتور، ناوی شیرنی نیشتمانم
گشت بنەمای گەلەکەمی لە ناودایە
بۆیە دەخوازم سەفەرکەم
بەرەو مەملەکەتی ژیـــــان
لەوێ ناسنامە وەرگرم و
ببم بە دۆستی میللەتـــــان..

زۆر دەمێکە من چاوەڕوانی قەتارم
ئای کە چاوەڕوانی تــــاڵە!!
برسی، ماندو، شەکەت، خەستە
مێشك بەتاڵ، گیرفان خاڵی، ،
شەویش داهات
نە شوێنێکی حەوانەوەو خەو شك دەبەم
نە پێخەفم لە کۆڵدایە و نە خانەخوێش بچمە ماڵی

ڕوو لە کوێ کەم بەم ناوەختە؟
دەرگای هەمو مزگەوتەکان، میوانخانەو کاروان سەراو
مەیخانەکان داخــــــراوە
خەڵك خەوتو، گوێچکەی گشتیان
بە قاوەمۆم ئـاخـــــنراوە

دونیا ساردە ڕەهێڵەیەو بەفر و شەختە
کەسێ نییە نیشانم دا
ماڵی شێخێ، ڕاهیبەیەك، سۆزانیەك
دواجار سەیری کاتژمێر و بەروارم کرد:
بەروار سێو دوی سیـــــانزەیەو
کـــــاتژمێریش بیســـــت و پێنجە.

bandi_bum@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.